کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
22-6-2007 17:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## من سەید نەجمەدین گردعازەبانیم

22-06-2007

سەبارەت بەو نامەیەی کە لەسایتی ڕۆشنایی بەناوی من بلاو کراوەتەوە، دیارە مرۆڤی داهێنەر و کارا هەمیشە بەرچاوی ڕوونەو خوێندنەوەی دروستی هەیە بۆهەر کاروو ماجەراییەک کە دەکەوێتە بەر هەست و نەستی. من گومانم لە ویژدانە زیندووە بەئاگاکانی خەڵکانی ڕەوشنبیرو هۆشیاری کورد نییە سەبارەت بە هەقپێدانی هەر هەواڵو باسوخواسێ کە دێتەگۆڕێ و دڵنییام لە گۆشەی شیاوی خۆی دادەنێن و سەنگو بەهای ڕاستەقینەی خۆی پێدەدەن. هەمیشە کەسی وشیارو دانا، بەڕێکی و ڕونی و ڕاشکاوانە ویستەکانی خۆی دەخاتە ڕوو و دەست بۆ زاری ئەژدەهاش دەبات بۆ سەندنەوەی هەق و مافەکانی و بەهەموو بوونی خۆی بەرەنگاری ئەو لەمپەر و دەردانە دەبێتەوە کە بەربینگییان بە خۆی و هاوچارەنوسانی گرتووە. گومانم نییە لە خامەی ڕەنگین و بەبڕشت و ڕەوان و دادوەرانەی کورد، پەنا بۆ سێبەر و پەلاری ترسنۆکانە نابات گەر خاوەنی پەچەو مەقنەع وعەبای ونکەری جادوگەرانیش بێ. کەسایەتی تەندروست و ڕاستەقینە، بە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی دێتەگۆ و خۆی بەدوور دەگرێ لە ئەوەی کە ناڕاست و ناڕەوایە و دەبێتە مایەی ئازاری ویژدانی خۆی و ڕووشاندنی هەستی بەرامبەر بەدەر لە پەرژینی هەر ماف و بەڵگەییەک، زاتی ئەوە ناکات گەڕی لە نوسین و دارێشتنی هەر هەواڵ و گوتارێک بئالێنێ و خۆی لێ دەبوێرێ. بەهەر حاڵ ئەم شێوازە نوسینەی سایتی (ڕۆشنایی) هەڵدەسورێنێ زۆر دوورە لە ڕەوشت و ئاکاری سەردەمیانە و جێی شەرمەزارییە بۆ هەر کەسو لایەنێک کە پشت بەم شێوازە نادرووست و ڕیاکارانەیە دەبەستێ، من هیچ داخوازییەکم لەمماڵپەڕە نییە، لەبەر ئەوەی لەخوێندنەوەمدا هەست بە لەنگی و ناهاوسەنگییان دەکەم و گومانم لەسەر هەڵسوڕێنەری ئەم سایتە هەیە و بە خەڵکانێکی چەواشەکاور ڕێهەڵکەرو دوور لە هەموو ڕاستییەک و دژ بە بەرژەوەندی گەل و خاکی نیشتیمان دەیان ژمێرم کە بەلەنگازانە پەلاماری ئەم و ئەو دەدات و بە نوسین لەژێر ناوی دزراوو خواستراوەدا، من سەری ڕێزوو نەوازشت بۆ هەموو مەردوو ڕەندوو هۆشیارێکی کورد دادەنەوێنم کە لەڕێی خاک و گەلدا بوون بە قوربانی و هەرئەوەندەتان پێدەڵێم من خاوەنی پێنج برای شەهیدی سەنگەرەم، کەسوکاریشم لەم ڕێگەیەدا بە ژن و پیاوەوە زۆر خوێنو ڕەنجییان داوە و ئەوەی کە سەبوری ئێمە دەدات ڕێزو خۆشەویستی خەڵکە دڵپاکەکەی وڵاتە، بەداوای لێبوردن لەو کەسو لایەنانەی کە ناویان هاتووە لەم نامەیەی کەمن نەمنوسیوە، لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەر مرۆڤێکی هەق گۆ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.